سەدر بەکارهێنانی ناوی بنەماڵەکەی لەو هەڵبژاردنەکان قەدەغە دەکات



ئەمڕۆ شەممە ،سەید موقتەدا سەدر سەرکی بزوتنەوەی نیشتمانی شیعەکان هۆشداریيدا لەبەکارهێنانی ناوی بنەماڵەکەی بەتایبەت "هەردو شەهیدی سەدر" لەبانگەشەکانی هەڵبژاردندا و رایگەیاند، بەکارهێنانی ناوەکەی بەهەمو شێوەیەك قەدەغەیە، چاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆ و لەڕگەی ئاماژەوە بێت.

موقتەدا سەدر لەو پەیامکدا رایگەیاند، لەم ڕۆژانەدا هەموان سەرقاڵی بانگەشەی هەڵبژاردنن، لەو ماوەیەدا تەنها باسی خەڵك دەکرێت و بەپێچەوانەوە خەڵك لەبیر دەکرێت.

وتیشی، "چەند ڕێنماییەکم هەیە سەبارەت بەم بابەتە، یەکەمیان ئەوەیە: قەدەغەیە بەهەمو شێوەیەك ناوی ئەمە، بنەماڵەی سەدر، بەتایبەتی هەردو شەهیدی سەدر بەکاربهێنین، بەتەواوی قەدەغەیە کە ناوی سەدر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان

ناڕاستەوخۆ، یان بەشێوەی ئاماژە بە ئاشکرا و لە هەر سەرچاوەیەکەوە بەکاربهێنرێت".

سەدر لە ڕونمایی دووەمی خۆیدا روونیشیکردەتەوە، "هەژاران مافی ئەوەیان هەیە ئەوەی دابەش دەکرێت بیبەن، تەنانەت لەلایەن گەندەڵکارانەوە، بەو مەرجەی دەنگیان پێ پێبدەیت یان کارتی هەڵبژاردنیان پێبدەیت پارە دەدەنە دەنگدەران، لەکاتکدا ئەمە پارەی خودی هاوڵاتیان خۆیانە، ئەوان هیچ چاکەیەکیان بەرامبەر بە خەڵك نییە، تەنانەت ئەگەر گەندەڵکارەکە هەوڵی ئەوە بدات خۆی وەك کەسکی ڕاستودروست پیشان بدات، ئەوا بە تاوانبار دەمێنێتەوە".

لە ڕونمایی سێیەمیدا، سەدر دەڵێت، "دوبارەی دەکەمەوە، بڕدەنگی ئێمە زۆر قسە دەکات، یەکێك لە مانایەکانیش ئەوەیە کە بڕدەنگیمان بەرامبەر بە گەندەڵییەکانیان مانای ئەوە نییە کە ئێمە لێیان ڕازیین، بگیە باوەڕیان پێ مەکەن".

